## ئیمانی واقیعی چۆن تەنزیل دەكرێت؟

## بە بێ دەستكاریی لە وشەكانیدا مانای ڕاستەقینەی چەمكەكانی قورئان گۆڕدراون!

دەربارەی وانەكانی ڕابردوو كۆمەڵێك پرسیارم پێگەیشتووە، ئەگەرچی لەسەرەتای وانەكانەوە ئاماژەم بە كۆمەڵێك شت داوە، ئەویش لەبنەڕەتدا ئەم وانەیە لەبەرچی دانراوە؟ پێویستی ناوچەكەو بەتایبەتی دەوروبەرمان بەم وانانە چەندە؟ ئایا بەكردەیی وانەكە زیندوێتی و سوودی هەیە یان نا؟ هەر لەم بەشەدا دەپرسین، ئەو هۆكارانە چی بوون وایكرد بەرنامەی دروستكردنی ئیمان لە چوارچێوەی قورئان دەربچێت؟ دەبێ ئەو وشانە دروست و لایەق بن كە لۆ جێگرەوەی وشەی ئیمان دانراون؟

## ئاراستەی وانەکە

* **خاڵی یەکەم:** بێگومان وانەکە تایبەتە بە گرۆی (جەمعی) موسڵمانان، ئەمە خاڵی یەکەمە، کاکڵی بابەتەکە بە تەنیا پەیوەندیدارە بە گرۆی موسڵمانانەوە، هەتا ئێستا بابەتی وانەکان ئاراستەی هاوڵاتی سەر شەقام ناکەین، خەڵکی گشتی ئەم بابەتە نایگرێتەوە، خەڵکی گشتی کە بابەتی لەگەڵ بکرێتەوە بە جۆرێکی تر لێی دەکرێتەوەو قسەی لەگەڵدا دەکرێت، بەم ڕیزبەندییە کە کۆی ئامادەبووان لێرە بە فەزڵی خودای ڕەحمان ئاشنایەتییان لەگەڵ قورئان و پەرتووکی ئیسلامی هەیە، لۆیە هەر بەم شێوازە بابەتەکەی دەخەمە ڕوو.

لاتان ئاشکراو ڕوونە بەتایبەتیش کە خوێندەوارن و قورئان دەخوێننەوە، هیچ لاپەڕەیەکی هەڵنادەیتەوەو ناچیتە لاپەڕەیەکی ترەوە ئەگەر باسی ئیمانی تێدا نەکرابێت، ئیمانیش هەر لەسەرەتادا زەمینەی کردەوەیە، زەمینەی کردەوەی مرۆڤی ئیماندارە، ئیماندار تاکو ئیمانەکەی بە جۆری قورئان دروست نەبوبێت و نەچەسپا بێت کردەوەکان وەرناگیرێن، ئەمانەمان بە درێژی باس کرد، هەر لەبەر ئەمەشە لەبنەڕەتدا پێداگیری لەسەر ئیمان دەکەین.

## ئایا گونجاوە قورئان توانای دووبارەبوونەوەی ئیمانی نەبێت؟

* **خاڵی دووەم:** ئەوەی لە پاش قورئان دێت پەرتووکەکانی صحاح فەرموودەکانی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، هەر لە بوخارییەوە تا ئەوانی تریش بەدواداچوونیان لۆ بکرێت، هەموویان کە پەڕەی یەکەم هەڵدەدەیتەوە یەکەمجار باس باسی ئیمانە، تەنانەت لە جێگەی لق و بەشی ئیمان ناویان ناوە (کتاب الایمان)، ئیمامی بوخارییە، ئیمامی موسلیمە، سونەنەکانی دیکەیە، دیارە لەلای ئەم ئیمامانەش (ڕەحمەتی خودایان لێبێت) ئیمان شتێکی بنچینەیی بووە، ئەمە ئیمان وەك بابەت و وەك ماددە، پاشان تابعین و تابع التابعین، ئەوانیش ئیمان لەلایان شتێکی بنچینەیی بووە، کاروبارەکانی دیکە پاشان دروست بووەو شوێنکەوتەی ئەوە، کە پێغەمبەری خودای ڕەحمان(علیه السلام و البرکات) فەرموویەتی: (خَيْرُ القُرونِ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ) (البخاري). دوودڵە کە ئایا جاری سێیەم (يَلُونَهُمْ)ی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دووبارەی کردۆتەوە یان نەخێر، لێرەدا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە وشەی (قَرْنِي) باسی کات ناکات، چونکە کات و زەمان نەك بەسەر پێغەمبەرو جەمعی ئیمانداران لەگەڵی دووبارە بووبێت، بەڵکو هەر لە سەردەمی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەستەی کیسرا بە ملیۆنەهای لێ هەبوو، دەستەی بێزەنتییەکانیش هەبوون، قەیسەرو کۆمەڵەکەی ئەوانیش بە ملیۆنەهای هەبوون، چینییەکان بە ملیۆنەهاو هیندستانیش بە ملیۆنەها هەبوون، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەزانێت ڕۆژو شەو بەسەر ئەوانیش دا دەڕوات، بەڵام مەبەستی لە (خیر القرون) جۆری ئەو مرۆڤەیە کە لەم سەردەمەدا خودای ڕەحمان بە هۆی پێغەمبەر(علیه السلام والبرکات) دروستی کردووە، جۆری مرۆڤەکە، جۆری ئەو کەسانەیە کە هەر لە بنەڕەتدا دروست بووە بە هۆی ئەو پەیڕەو بەرنامەڕێژییەی کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هێناویەتی، جا (خَيْرُ القُرونِ قَرْنِي) لۆ ئەو کەسانەیە نەك لۆ سەردەمەکە بێت، جۆری سەردەمەکە نییە، کاتەکە پشکێکە لەم بابەتە، بەشێکی زۆر کەم و بچووکە، (خَيْرُ القُرونِ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ) کە کاکڵەکەی ئیمان بووبێت باشترین کۆمەڵە کە بەهۆیەوە دەستی پێ بکرێت و لەسەرووی لیستەکە یەکەمینیان لە خودی رسول الله (علیه السلام و البرکات)ە، کە بە کردەیی توانی

به گوێرەی ویستی خودای ڕەحمان ئیمان لە جبریل(علیه السلام و البرکات) وەربگرێت و پاشان لۆ ناخی خۆی بیگوازێتەوە و پراکتیزەی بکات و بە عمل صالح بیهێنێتە بەرهەمەوە، ئینجا لە دوای خۆی ئەو نەوەیەی کە کۆمەڵانێك کە خۆی دروستیکردن پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دیسان بە سەرچاوەی ئیمان کە کاکڵەکەی قورئانە، ئەو نەوەیە (الذین آمنوا مع رسول الله) توانییان بە ئەمانەت ئیمانەکە پێشکەشی نەوەی دوای خۆیان بکەن کە ئێمە ناومان ناون تابعین.

لۆ زانین لە قورئاندا باسی تابعین کراوە ئەوەتا لە سوڕەتی (التوبة) الله دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ)(التوبة١٠٠) باسی وشەی تابعین لە قورئان هاتووە، دیارە الله جۆری ئەو ئیمانەی کە ئەوان هەڵگری بووینە بە رضوان، بە رضوان لۆی مۆر کردینە، ژیانیشیان بە رضوان کۆتایی پێهاتووە، پاش ئەویش (ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ) دیسان دەگوازرێتەوەو دووبارە دەبێتەوە، دیسان جەمعی ئیماندارانە، ئەو جۆرە ئیمانەی کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە ناو دڵی گرۆی (جەمعی الذین آمنوا معه داینا لۆ تابعین و تابیعی تابعین گواستییەوە.

هەرکاتێکیش ئەو جۆرە ئیمانە دیسان بە هەمان ڕێگە هێنرایە کایەوە هەمان جۆری کەسەکان و هەمان حاڵەت لەسەر گۆی زەوی دروست دەبێت، هەمووماں هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە قورئان حاڵەتێکی بەردەوامەو بەردەوامییەتی هەیەو وەکو دەرمانێك نییە بەسەر چووبووبێت، نەتوانێت ئیمان و خاوەن ئیمان و پیاو دروست بکات، ئەو کەسانەی لە مێشکیان پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی هەبێت بە ڕای من دەبێ بەخۆداچوونەوە بکەن، چونکە تەنیا ئەگەر پلەو پایە لۆ نوێژ دابنێین، باوەڕمان بە هیچ نەبێت تەنیا نوێژ ڕاست بێت، ئەوا لە نوێژ لە ڕۆژێکدا (١٧) جار (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)(الفاتحة ٥) دەڵێین، پاشان دەڵێین (اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ)(الفاتحة٦)، چ جۆرە صیراتێك؟ باسەکە باسی کەسەکانە (صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ)(الفاتحة٧)، باشە دەبێ (الذین أنعمت علیهم) کێ بن؟ الله خۆی پێناسەیان دەکات (وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَـئِكَ رَفِيقاً)(النساء٦٩) ئەوانەنە أنعمت علیهم، باشە ئەگەر خۆمان طەڵەب بکەین (اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ)(صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ) ئەگەر ئەنبیاء دووبارە نەبنەوە، ئایا نابێت صدیقین و شوهەداء و صالحین دووبارە ببنەوە، ئەگەر وابێت دەبێ ئایاتی خودای ڕەحمان و قورئان توانای دووبارەبوونەوەی نەبووبێت، هەروەها وەکو ڕۆژهەلاتناسەکانی وەکو (سبنسەر) و (ڕیۆن) و ئیتر بڵێین کە ئەوان باسی دەکەن گوایا قورئان لە سەردەمێکی دیاریکراودا توانیویەتی ئەم جۆرە کەسانە دروست بکات، بەڵام ئێستا قورئان تواناو بەهرەی ئەوەی نەماوە دیسان هەمان ئەم نموونانە دووبارە بکاتەوە!

## پێشبینی نەدەکرا ئیمان جێگرەوەی هەبێت

* **خاڵی سێیەم:** ئەو صالحینانەی پێش ئێمە ڕەزای خوایان لێبێت لە ئێمەو صولەحاء و ئەتقیاء و ئیمانداران و صدیقین و ئەوانەی کە ئیمانی حەقیان بە خوداو بە پێغەمبەرو بە (یوم القیامة) هێنا بێت، ئەوانە هەموویان دانیان بەوە ناوە کە ئیمانەکە خاڵی بنەڕەتییەو دەبێ بەم ڕێگەیەش ئەنجام بدرێت، ئیمان بەو ڕێگەیە وەردەگیرێت کە گرۆی (الذین آمنوا مع رسول الله ثم الذین یلونهم ثم الذین یلونهم) وەریان گرتووە.

بەڵام پرسیارێك لێرە دێتە پێشەوە، ئەویش باشە لۆ ئیمامی شافعی یاخود ئیمامی ئەحمەد لە پەرتوکەکانی خۆیان ڕێگەو ڕێزبەندی ئەم ئیمانەیان باس نەکردووە؟ ئەمەش پرسیارێکی لە جێیەو وەڵامەکەی برێتییە لە:

هەروەکو چۆن ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی ئەبو حەنیفەو تەنانەت بەڕێزانی تریش (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەوەیان نەهاتۆتە بەرچاو حوکمی ئیسلامی لە دونیادا نەمێنێت، حوکمی کوفر بێتە بوون و موسڵمانان بە کوفرو بە پرەنسیپەکانی کوفر فەرمانڕەوایی بکرێن، هەروەك بیریان لۆ ئەوە نەچووە بە هەمان شێوەش بیریان لۆ ئەوە نەچووە کۆمەڵێك پەیدا ببن گومان لەوەی دروست بکەن کە باشترین ڕێبازو خێراترین وڕاستترین ڕیباز ئەو ڕیگەیەیە کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) توانی گرۆی ئیماندارانی پێ دروست بکات.

لۆیە لە پەرتوکەکانی ئەبو حەنیفە(ڕەزای خودای لێبێت) ئەوانەی ئاگاداری خوێندنەوەی پەرتوکەکانیانن دەبینن ئیمامی شافیعی(ڕەزای خودای ڕەحمان لێبێت) باسی ئەوە دەکات ئەگەر هاتوو لە گوندێك (٣٩) کەس هەبوو، لەم گوندە نوێژی هەینی بکرێت، کەسێك (٤٠)ەمین نەفەر بوو، بەڵام کەسەکە نیوەی خوارێی ماسی بوو و نیوەی سەرەوەی مرۆڤ بوو، ئایا ئیقامەی جومعە دەکرێت یان نەء؟ واتە" ئەوە بە مێشکی ئەو موبارەکەدا هاتووە ئەگەر هاتوو لەوانەیە لە بلیۆن جار جارێك ئەگەر ئەو بابەتەو ڕوودەوە ڕووبدا، ئینجا گریمانەی لۆ داناوەو بە شەرع بڕیاری لۆ داناوە، ئەوەی بە بیردا هاتووە، بەڵام ئەوەی بە بیردا نەهاتوو ڕۆژێك لە ڕۆژان گرۆی ئیمانداران کوفر فەرمانڕەواییان بکات! لۆیە لە پەرتووکەکانیان باسی ئەوەیان نەکردووە، ئەگەر هاتوو کوفر حوکمی ئیماندارانی کرد چارەیان چی دەبێت، چی دەکەن چی ناکەن؟

ئەبو حەنیفە (ڕەحمەتی خودای ڕەحمان لێبێت) باسی ئەوە دەکات ئەگەر هاتوو ئاژەڵێك، بەرخێك لە بیابان لە دایکبوو، هیچ ئاژەڵێکی شیردەرمان نەبوو تاکو شیری بدات تەنیا بەراز لەوێ هەبوو، ئەم بەرازەش بیچووی هەبوو، ئەگەر هاتوو شیری ئەم بەرازە درا بە بەرخەکە، ئایا گۆشتی ئەو بەرخە حەڵاڵە یان حەرامە.

ئەبو حەنیفە بیری لەمە کردۆتەوە، بەڵام دیسان ئەوەی بەمێشکیدا نەهاتووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بارودۆخی حوکم بەم جۆرەی بێت، چونکە گریمانەکاری نەبوو لە مێشکیان، لۆیە زۆر ئاساییە ئیمامی ئەحمەد یان بوخاری یان موسلیم (ڕەحمەتی خودایان لێبێت) باسی کتابی ئیمان بکات کە ئەصلێکە لە بابەتەکە، بەڵام باسی ڕیزبەندی ئیمان و وەرگرتنی ئیمان و ڕێگەی ئیمان وەرگرتن باس نەکات، چونکە ئەمیان دۆخێکی بەڵگە نەویستە، ئەوەی لەبەرچاو بووە کە هەرکەسێك بیەوێت فێرە ئیمان ببێ هەڵبەتە وەکو جەمعی (الذین آمنوا مع رسول الله و وەکو رسول الله) ئیمان وەردەگرێت، ئەوە نییە یەکسەر قورئان بکاتەوە لە سوڕەتی (البقرة) پێدابێت، کە لەوێ باسی دووڕووان (المنافقین)ی لەبۆ بکرێت، سیفاتی مونافیقی لەلا ڕوون و ئاشکرا بێت، بەڵام جارێك نەزانێت ئیمان چییە، ئەوان بەم ساویلکەییە نەبووینە، ئەوان (بەم گێلی وبێ ئەقلییە نەبووینە)، لۆیە ئیمانی ئەوان و ئیمانی ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی شافیعی و ئیبن تەیمیەو ئیمامەکانی تر لەم صولەحایانە هەڵبەتە لە ئیمانی ئێمە زۆر بەهێز ترو چاکتر بووە، لۆیە توانیویانە ببنە ناوازەی سەردەمی خۆیان، توانیویانە هەرچی کێشە هەیە لەبۆ خەڵکی ئەم قیبلەیە دروست دەبێت لە موسڵمانان بەهۆی ئیمانی خۆیان چارەی بکەن، بەڵام ئایا ئەوانیش دانیان ناوە بەم دۆخەی لەناو کۆمەڵگەدا هەبووە؟ لە وەڵامدا نەخێر دانیان پێدانەناوە، لۆیە سەیری مێژوویان بکەی هەر لە سەرەتای هەبوونی خۆیان حاڵی خۆیان سەلماندنییە لەسەر زەوی و لەم ناوچەیەی کە تێیدا ژیاون، لەم سەردەمەی کە تێیدا هەبوونە ململانێیەك دەستی پێکردووە لە نێوان خۆیان نەك کافرەکان!

نەك مولحیدەكان و بێ باوەڕان، نەك دووڕووان نەخێر، بەڵكو لەگەڵ چینێك كە بانگەشەی ئیسلام بوونی دەكات، كە خۆی نوێژخوێنە، كە خۆی ڕۆژووگرە، كە خۆی زەكات دەرە، كە خۆی دان بەوەوە دەنێت كە خودای ڕەحمان حەقە، ململانێكەیان لەگەڵ كەسانیكی لەم جۆرە بووە.

## ئەو فتوایەی بووە هەڕەشە لەسەر ئیمام ئەحمەد چی بوو؟

هەر كەسێك سوڵتانێك كە ناویان نراوە بە أمیر المؤمنین لە سەردەمی عەباسییەكاندا یاخود ئەمەویی وەكو كەڵەگاكانی ئەم سەردەمە نەبووە كە دان بنێت بە خودای ڕەحمان بەڵێ خاوەن پەیڕەوە بەڵام پەیڕەوێكی جیا لە پەیڕەوی خودای ڕەحمان دابنێت، ئیمام ئەحمەد كە لەگەڵ مەئمون یا سوڵطانی عەباسییەكاندا لە ململانێ دایە، نەك كافرن نەخێر تەنیا مرۆڤی فاسق بووینە، نوێژی جومعە و جەماعت و زەكات و ڕۆژوو و حەج و صەدەقات و خێركردن تەنیا ئەوەندە بووە كەمێك كەموكوڕییان هەبوو لە شێوازی جێبەجێكردنی ئەو ئیمانە بە عەمەلی صالح دروست دەبێت، لۆیە ئەو ئیمامانە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و بەجیهادیشیان داناوە.

لە سەردەمی ئیمام ئەحمەدو مەینەتییەكەی ئیمام ئەحمەد كە زۆرێك لە خەڵكی شتێكی دەربارەیەوە دەزانێت كە لەسەر گۆشتی ئەو باڵندەیە كە چڕنوكی هەیە، سوڵتان حەزی لێیە ئەو گۆشتە بخورێت داوا لە ئیمام ئەحمەد دەكات كە گۆشتەكەی لۆ حەڵاڵ بكات، بە ڕاستیش خواردنی گۆشتەكە جێگەی گومانە، ئایا حەڵاڵە یان حەرامە؟ یەكسەر ئیمامی ئەحمەد دەڵێت نەخێر حەرامەو نابێت بخورێت، فەتوای لۆ دەدرێت، سوڵتان فەرمان دەدات كە ئەگەر بێت و ئیمام ئەحمەد لە قسەكەی خۆی پاشگەز نەبێتەوە، ئەوا (٤٠) جەڵدەی لێبدرێت، ئیمام ئەحمەد خاوەن سەكۆو مینبەرو خاوەن هەڵوێست و پیاو بووە، (من المؤمنین رجال)، لەوانە بووە نەك هەموو ئیماندارێك رجال بێت، یەكسەر بەرەنگاری فەرمانی سوڵتان دەكات، سوڵتان دیسان فەرمانێك دەردێنێت ئەگەر هاتوو پاشگەز نەبێتەوە ئەوا جەڵدەكانی لە ناوچەیەكی گشتی و لەبەردەم خەڵكی لێبدرێت، میللەت هەمووی ئامادەبێت، لە بەغدا جاردەدرێت و میللەت كۆ دەكرێتەوە تاكو جەڵدەكانی لێبدرێت، ئەو كەسەی هەڵدەستێت بە جەڵدە لێدانەكە گۆشتی ئاژەڵێكی لەبەر دەم دادەنێت و بەدزییەوە لە بن گوێی پێی دەڵێت ئەی ئیمام بیخۆ ئەوە گۆشتی باڵندەكە نییە كە فەتوای حەرامیت لۆ داوە، بەڵكو ئەمە گۆشتی ئاژەڵێكە من بە دزییەوە لۆم هێناوی، ئەویش وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: كوڕم ئەگەر بیخۆم ئەو هەموو ملیۆن مرۆڤە واگومان دەبات كە من گۆشتە حەرامەكەم خواردووە، ئیمانیان بەم جۆرە بووە، داردەستی كەڵەگاكان (طواغیت) نەبووە، كەسەكە بەعسی بێت یان فلان و فلان، نەخێر ئیمانەكە لە ناو دڵیان لەم جۆرە بووە، لۆیە لە ململانێ دابووینە، هەوڵیان داوە خەڵكی گشتیش لە ئاستی ئیمانی نەوەی هاوەڵان دابن، خەڵكی گشتییان بەدڵ نەبووە، لۆیە بەشی هەرەزۆریان دوورە پەرێز بووینە، وەك خەڵكی گشتی نەژیاون، لە تەقواكردنیش لەدوای ئەم ئیمانە لە لوتكە دابووینە.

هەر لە سەردەمی ئیمامی شافیعی مەڕێك دەدزرێت، تەنیا یەك مەڕ دەدزرێت، لە شوانەكان دەپرسێت ئایا مەڕ چەند ساڵ دەژیت؟ لە وەڵامدا پێی دەڵێن ئەوپەڕی حەوت ساڵ دەژییێت، لەبەر ئەمە تا ماوەی حەوت ساڵ ئەم پیاوە گۆشتی ئاژەڵ ناخوات، گۆشتی بەرخ ناخوات، نەوەك بە بۆچوونی خۆی ئەو گۆشتەی بیخوات گۆشتی ئەو ئاژەڵە بێت كە دزراوە، ئیمانیان بەم جۆرەبووە، ئەم ئیمانە ئەو تەقوایە دروست دەكات، دوو دڵیش نەبووینە كەوا ئەو ئیمانە بەم ڕێگەیە دروست دەكرێت، لۆیە باسیان نەكردووە، چونكە هەتا سەردەمی تابعینیش تەرتیبی نزولی قورئان لەلایان سەرچاوەو خالێكی بنچینەیی

بووە، تەوقیفیش بووە، گومانیان نەبووەو بە بڕوای سەدا سەدی خۆیان بەم ڕێگەیە الله دەرگەی ئیمان دەکاتەوە.

## پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) بە (ترتیب نزول) ئیمانی هێناوە

لە بنەڕەتدا قورئان کە باسی ئیمانی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) دەکات، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئیمانی پێش وەرگرتنی سروش و وەحی وەك ئیمانی دوای وەحی نەبووە، باشە ئایا ئەو ئیمانە چۆن دروستبووە؟ بێگومان لە ڕێگەی تەرتیبی نزول (دابەزین)ی قورئان، یەکەمجار سورەتی (العلق)، لە ڕێگەی سورەتی (العلق) پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) ئیمانی لە ناو دڵی دروست دەبێت و پەیوەندی لەگەڵ (الله)دروست دەکات، کەواتە" ئەم ئیمامانە گومانیان لەوە نەبووە کە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) ڕاستییەکەی ئەوە بووەو جارێك سورەتی نورو سورەتی دیکەی مەدەنی دانەبەزیوە، پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) لە جەمعی ئیمانداران (٧٠) هاوەڵی لە لوتکەی ئیمانەوە لە مەککە دروست دەکات، بە چی؟ هەڵبەتە بە تەرتیبی نزولی ئایات ئەو ئیمانە دروست دەبێت، پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) لەبۆ مەدینە دەردەکرێت (أخراج) دەکرێت، ئەو ئیمانەی لە لا نەبوو کە ئێمە ئێستا لە دەستمانەو لە خزمەتینە، ئەوەی لا نەبووە، بەڵکو بە تەرتیبی نزولی قورئانی لابووە، هەر ئەویشی لەبۆ مەدینە گواستۆتەوە، هەر ئەویشی لابووە، ئەوە کۆدەنگی ئومەتی لەسەر هەیە، کۆدەنگی هاوەڵانی لەسەر بووە، کۆدەنگی تابعین و تابع التابعین و ئیمامەکانی سەلەفی لەسەر بووە، ئایا لە هیچ جێگەیەك ئبین تەیمیە(ڕەحمەتی خودای ڕەحمان لێبێت) پێچەوانەی ئەوەی باس کردووە؟ نەخێر ئەوە نییەو باسی نەکراوە.

ئەو ئیمانەی کە ئێستا ئێمە باسی دەکەین، هەمان ئەو ئیمانە بووە کۆمەڵی هاوەڵان لایان بووە، ئەو ئیمانەش بە کردەیی وای لێکردوونە سەدا سەدی بتوانن فەرمایشتەکانی خودای ڕەحمان جێبەجێ بکەن، هەروەك لە وانەکانی ڕابردوودا باسی (إفعل)مان کردووە.

لەبەرئەوە بوو لە دوو وانەی پێشووتر باسی نوێژمان کرد، ئێمە نوێژ دەکەین و ئەوانیش نوێژیان دەکرد، دەپرسین ئایا لەبەرچی نوێژی ئەوان بەم جۆرە بووە؟ لۆ نوێژی ئێمە بەم جۆرەیە؟ لەبەرچی ئیمانی ئیمامی شافیعی و ئیمامەکانی تریش ناوی ئەو (الله أکبر)ەی کە لە سەرەتای چوونە ناو نوێژ دەگوترێت ناویان ناوە بە (تكبيرة الإحرام)، واتە" چی؟ تەکبیرەی تەحریم کردن واتای چی؟ واتە" (الله أکبر)ێك کە هەموو مەخلوقاتی پێوە حەرام دەبێت، تەنیا خودی خودای ڕەحمان نەبێ هەروەك چۆن مرۆڤی حاجی کە دەچێتە حەج جلێك لەبەر دەکات پێی دەگوترێت (إحرام)، بەهۆیەوە کۆمەڵێك شتی حەڵاڵی لێ حەرام دەبێت، یەك لەوانە نابێت سەری بتاشێت و لێی حەرام دەبێت، ئەگەر هاتوو تاڵە موویکی لە ڕیش یان سمێڵ یا لە قژی بێتە خوارەوە بە بێ ئەنقەستیش بێت دەبێت صەدەقەیەك فیدیەك بدات، یەك تاڵە موو دەبێت فیدیە بدات، پرچ تاشین و ڕیش تاشین، و سمێڵ کورت کردن لەوکاتەدا حەرامە، زۆر شتی تریشی لێ حەرامە، لۆ؟ چونکە ئەو جلە ئەو شتە سپییەی کە لەبەری دەکات پێی دەگوترێت ئیحرام، شتی حەڵاڵی لەلایەن الله لێ حەرام کراوە، ئەوەش بریتییە لە پەرستش.

## جیاوازیی ناوەڕۆکی نوێژی ئێمەو هاوەڵان لە چیدایە؟

ئیمامەکان شافیعی ئەو (الله أکبر)ەیان ناو ناوە تەکبیرەی ئیحرام، لۆ؟ بێگومان لە هاوەڵانیان وەرگرتووە، ئەگەرنا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بەم ناوە ناوی نەبردووە، فەرمووده نییە بڵێ ئەوە تەکبیرەی ئیحرامە، تەکبیرەی ئیحرام لە حەرامکردنەوە هاتووە، مانای تەحریم چییە؟ واتا" هەرچی مەخلوقات هەیە بێجگە لە الله نابێت لە مێشکی ئەو کەسە بمێنێت و هەمووی حەرامە، پرسیار ئەوەیە: ئەو بڕوایە چۆن دروست دەبێت؟ ئەگەر بە کردەیی ئیمان بەو جۆرە نەکرێت کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بەم زیندەگییەی گواستویەتییەوە لۆ جەمعی (الذین آمنوا معه)، ئەگەر تابعین بەم جۆرەوە نەیانگواستبێتەوە، قبوڵیان نەکردبێت، بە چ جۆرێك ئەو نوێژەیان جێبەجێ کردووە؟.

وەك دەزانن ئێمە هەرکە دەڵێین الله أکبر چ جۆرە وێنەو ڕواڵەتێك دێتە پێش چاومان، زۆربەمان گەنجین و تووشی ئیثم و گوناهـ بووینە، ئەگەر لەگەڵ یەکتر ڕاستگۆ بین ئەو وێنە پیسانەی کە کاتی خۆی سەیرمان دەکرد، گرتەی ناشیرین و ناخۆش ئەگەر تەقواشمان هەبێ و بە ڕۆژووش بین، ئەو ڕۆژە هەڵبەتە شتێك دێتە مێشکمان ڕووداوێك کێشەیەك کە لەوانەیە پێش دە ساڵ بووبێت، بۆ نمونە" لەوانەیە من لە قۆناغی سەرەتایی شەڕێکم کردبێت، هەرکاتێك دەڵێم الله أکبر ئەوکاتە شەیطان ئەوەی دێنێتەوە ناو مێشکم، کامەمان ئەو سێ خولەکەی کە لە ناو نوێژ داین، لەم سێ خولەکەدا یەك خولەکی لەگەڵ خوداین؟ ئەگەر هەموومان ڕاستگۆ و ڕاشکاو بین لەگەڵ یەکتریدا، باشە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بەم جۆرە بوو؟ یاخود ئەبو بەکر بەم جۆرە نوێژی دەکرد؟ ئایا وای بۆ دەچن کە ئەبو بەکر بەم جۆرە بووبێت؟ ئیمامی عومەر کە (الله أکبر)ی کردبێت، تەکبیرەی ئیحرامی کردبێت لات و عوزاو هوبەلی دێتە پێش چاوەکانی؟ یان گەرەکەکانی مەککە دێنە بەرچاوەکانی؟ نەخێر و خودای ڕەحمان ئەستەمە بەم جۆرە بووبن، چونکە قورئان دانی پێدانانێت لەم دۆخەدابووبن، جگە لەمە لەناو نوێژدا چۆن بووبن لە دەرەوەی نوێژیش هەر بە هەمان شێوە بوونە، چونکە ئەوان وەك ئەو خاوەن پەرتووکە ئاسمانییانە نەبووینە تەنیا لە ناو مەزارگەو..تد خوایان بناسن و ئاگایان لە خودای ڕەحمان بێت، ئێمە لەناو مزگەوتیش هزر و بیرمان دەڕوات، لەناو نوێژدا هزرمان دەڕوات. مەبەستمان لە شێوازی دروستکردنی ئیمان ئەو دۆخەیە کە ئیمامی عومەر وصوهەیب و عەممارو عبدالرحمن کوڕی عەوف لەسەری بووینە، تەنیا ئەوەندە وچیتری تازەمان نەهێناوە! (محمدرافع) چی تازەی نەهێناوە، بڕواتان هەبێت تەنیا دووبارەیە، دووبارەکردنەوەی دۆخی سەردەمی پێغەمبەرە و بە قسە دووبارەی دەکاتەوە و هەر ئەوەندە.

## گۆڕینی چەمکی ئیمان لۆ عەقیدە هەڵەیە

خاڵێکی تر ئەو پەرتوکانەی کە ئێستا هەن هەندێك پرسیاری ئەوەیان کردووە کە کۆمەڵێك پەرتووك هەن باسی ئیمان و عەقیدە دەکەن، ئەوانە دەڵێن ئەو برادەرە (محمدرافع) دانیشتووە ئەو قسانە دەکات، کەچی لەم پەرتوکانەدا نییە؟ مانای ئەمە چییە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: هزری ئیسلامی و بە تایبەتی قورئانیش لەبەرئەوەی خودای ڕەحمان بە وشەکانی پارێزگاری لێکردووە، بەڵام کوفر بە درێژایی مێژوو توانیویەتی بە شەیتانییەتی خۆی دۆخێك بێنێتە ئاراوە، دۆخەکەش ئەوەیە نەك خودی قورئان لە نێوەندی ئیسلامی لابدات، بەڵکو هەوڵی ئەوەی داوە هەرچی چەمکی ڕاستی قورئانیی هەیە ڕێژەیەکی زۆر لێی لە هزری ئیسلامی لا بدەن، لۆیە بڕواتان هەبێت وشەکانی ئەم قورئانە کە بە زمانی سەردەمی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دابەزیوە لە سەدا سی زمانی عەرەبی ئێستای تێدا نییە، زمانی عەرەبی ئێستا بەم ڕێزمانەی کە لە بەغدا گفتوگۆی پێدەکرێت، ڕێزمانییەکەی نەك زمانی

بازاڕیی (جلفی)، یان له میسر تەنانەت لە زانكۆكانی ئەزهەر قسەی پێ دەكرێت، زمانی ئەم قورئانە نییە، زمانی قورئان زمانێكی تایبەتە، كوفر توانی بە درێژایی مێژوو مانای قورئان بگۆڕێت لۆ ئەوەی ماناكانی چەمكە قورئانییەكان بگۆڕێت.

واتە" وەك دەزانن ئەوە ئاسنە، بەڵام كەسێك بێت و لێرە پەیدا بێت هەمان شتمان نیشان بدات بڵێ ئەوە بەردە، ئەوە بەردە، ئەوە بەردە، ئەوە بەردە، ئادەی هێدی هێدی دووبارەو دەبارە وای لێدێت بڵێین بەڕاستی ئەوە بەردە، لە داهاتوودا بە ئاسن دەڵێن بەرد! نەوەی پاش ئێمەش بێت ئەوە گومانی نامێنێ ئەوە بەردە، نازانێ لە كوێ فێڵی لێكراوە، بەداخەوە ئەوە لەگەڵ قورئان كراوە، بەنموونە" (ئیمان وعەقیدە).

بێگومان باشترین ڕێگە لۆ دروستكردنی ئیمان ڕێگەی پێغەمبەرە(علیه السلام و البركات)، ڕاستترین ڕێگە لۆ ئەوەی خۆمان دووربگرین لە كێشەو دەردەسەرییە هزرییەكانی ناونراو بە هزری ئیمانیی ڕاستە ڕێگەی پێغەمبەرییە(علیه السلام و البركات)، هەڵبەتە خودای ڕەحمان زانیویەتی جگە لەو شێوازەی لۆ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) دایناوە جگە لەوە جەمعی ئیمانداران تووشی پشێویی (فتنة) و بەڵا دەكات، لۆیە تەنیا بەو ڕێگەیە ڕازی بووە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) ئیمان لە دڵی دروست بكات، تەنیا بەم ڕێگەیەش ئیمان پێشكەش بكات لەبۆ جەمعی (الذین آمنوا معە) نەك هیچ ڕێگەیەكی دیكە.

خودای ڕەحمان چۆن قورئانی هێنا سەر ئاسمانی دونیا، لە یەكەمین شەو دەیتوانی بە هەمان شێوە بیهێنێتە ژێر دەستی پێغەمبەر و پێی بڵێت ئەو ئایەتەی لێ ڕابكێشە، ئیمڕۆ سورەتی (العلق) ڕابكێشەو بیخوێنە، لە هەمان كات قورئان لە ژێر دەستت بێت هەر وەكو حەزرەتی موسی، وەكو حەزرەتی عیسا كە بەم جۆرە بووە، ئەلواح هەمووی بەیەكەوە هاتە خوارەوە، هێدی هێدی دەهات جێبەجێی دەكرد، بەڵام باشە لەبەرچی الله تەنیا لە ئاسمان هێشتییەوە! هەر لۆ زانین پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) نەیدەزانی پاشی ئەو سورەتە كامە سورەت دێتە خوارەوە، كە سورەتێك دێتە خوارەوە پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) ئیمانی پێ بێنێت، دەیكاتە عەمەلی صالح و پێشكەشی كۆمەڵگەی دەكات، ئینجا جەمعی (الذین آمنوا معە) لێی وەردەگرن و ئەوانیش وەكو ئەو جێبەجێی دەكەن، ئایا الله دەیتوانی یان نەیدەتوانی وەك تەوڕات و ئینجیل بیكات، بەڵام نەیكرد، هەڵبەتە خودای ڕەحمان دەیزانی ئەگەر ڕاستترین ڕێگەی ئەو ڕێگەیە نەبێ وەكو تەوڕات و ئینجیل دایدەبەزاند.

## پەیكەری دروستكردنی ئیمان

لۆیە لەگەڵ داوای لێبوردن ئەو پەرتووكانەی كە لەسەر ئیمانیش نوسراونەتەوە، تەنانەت پەرتووكەكانی عەقائیدیش كە باسی ئیمان دەكەن، باسی زاراوەی ئیمان دەكەن، باسی دروستبوونی ئەو زاراوەیە دەكەن، لە قورئان چۆن هاتووە؟ بە چ ڕێگەیەك هاتووە؟ چەند جار هاتووە؟ مانا و دەلالەتی چییە؟ بەڵام لێرەدا چەند پرسیاری دیكە دێتە ئارا ئەویش:

**پرسیاری یەكەم:** ئایا باسی ئەوە دەكات چۆن ئەو ئیمانە دروست دەكرێت؟ ئەوە پرسیاری یەكەمە ئایا لە هیچ پەرتووكێك ئەمەتان بینیوە؟

**پرسیاری دووەم:** ئایا گووتویانە بە چ ڕێگەیەك دروست دەكرێت؟

**پرسیاری سێیەم:** ئایا دەڵێن: بە چ هۆکارو ئامرازێك ئەو ئیمانە دروست دەکرێت؟

ئەوەیە بابەتی ئێمە، هەتا ئێستا زیاتر لە حەوت وانەیە ئێمە تەنیا ئەوانە باس دەکەین، ئیمان چۆن دروست دەکرێت؟ ئیمان خۆی چییە؟ پاشان بە چ ڕێگەیەك دروست دەکرێت؟ ئامرازەکانی ئیمان چین؟ هەتا ئێستا ئەوانە باسکراوە، باسی ئەوەمان نەکردووە ئیمان لە ئیسلامە، ئیسلام لە ئیمانە، نەخێر هیچ پەرتوکێکیش لە ژێر دەستمان نییە تەنیا قورئان نەبێت، بەڵام ئایا ئیمامەکان بەمە تێپەڕیون یان نا؟ بەڵێ هەیە، پەرتووك هەیە، بە پشتیوانی خودای ڕەحمان وەك پێشتر خستمە ڕوو ئەوەی کێشەیەکی هەبێت لەم بابەتە لە خزمەتی دەبین و سەرچاوەی نیشان دەدەین، دوایینیان سەید ڕەحمەتی خودای ڕەحمان لێبێت کە باسی ڕێگەی قیرائە دەکات لە قورئان سورەتی یونس، لە سورەتی فورقان، ئەوەی (ظلال)ی هەبێت دەتوانێت لۆی بگەڕێتەوە، سورەتی یونس تەفسیرە شەش جڵدیەکەی لە لاپەڕەی ١٨٧٧ باسی قیرائە دەکات کە چۆن پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) قیرائەی کردووە؟ چۆن ئیمانی دروست بووە؟ پاشان چۆن ئەو ئیمانەی پێشکەشی جەمعی (الذین آمنوا معه) کردیە؟ کەواتە" ئەوەی ئێستا لێرە باسی دەکەین داهێنان (بدعة) نییە، شتێکی گیرفانیی نییەو تازەش نییە، دووبارەیە، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هەر ئەوەندەی کردووە، ئێمە کە ئەو ڕێبازە وەردەگرین ئەو ئامرازەی وەردەگرین، پاشان دەچینە سەر ئەو پەرتووکانە، ئەگەر سوودی لێ وەربگرین ئەگەرنا قورئان لۆ دروستکردنی ئەو ئیمانە بەسە، چۆن لە سەرەتا گوتم ئەوەی بڕوای بەوە نەبێت کە قورئان لە توانایدا هەیە ئەو جۆرە دروست بکات، ئەوا دەبێت بەخۆداچوونەوە بکات، ئەوا پشکێکی کوفری لە دڵدایە پەنا بە خودای ڕەحمان.

## شادومانی دڵ لە ئیماندایە

لێرەدا پرسیارێك دووبارە دەکەمەوە: ئایا بەڕاستی ئێمە لە ڕێگەی قورئانە خۆمان دروست کردییە؟ لە وەڵامدا نەخێر، ئایا بەم شێوازە دروست بووینە کە خودای ڕەحمان بە ڕیزبەندیی (ترتیب)ەی لۆ پێغەمبەری دابەزاندووە؟ نەخێر، کەواتە" ماف بە خۆمان دەدەین نوێژیش بکەین غەیبەتیش بکەین، نەزەریش بکەین، خودای ڕەحمان نەکات بوهتانیش بکەین، خودای ڕەحمان نەکات درۆش بکەین، خودای ڕەحمان نەکات... تد، کۆمەڵێك لە گوناهـ، ئەوەی دەکرێت کەس دەتوانێت بێبەریبوونی خۆی دەربڕێت لەم شتانە، ئەوە زەحمەتە لۆ هەموان تەنانەت منیش، ئایا دەبێ ئەبو بەکریش ئەوها بووبێت؟ دیسان ئەوە پرسیارە. دەبێ موصعەبیش بەم جۆرە بووبێت؟ ئەمە ئەگەر باسی فەرمایشتەکان و قەدەغەلێکراوەکان بکەین، باوەڕ بکەن (أقسم بالله العظیم) ئەو شادومانییە ڕاستەقینەیەی کە ئیمانی حەق لە دڵی مرۆڤی ئیماندار دروستی دەکات، و الله و الله هەموو گۆی زەویت بدەنێ بە هەموو خۆشییەکانییەوە ئەوا دەست هەڵناگری لە یەك سات لە وئیمانەو ئەو شادومانییەی هەیە، لۆیە تابیعی حەسەن بەصری (ڕەزای خودای ڕەحمان لێبێت) دەڵێت: (والله لو علم الملوك ما فی قلوبنا لجالدونا فیها بالسیوف)، چونکە پادشاکان لە شادومانی (سعادة) دەگەڕێن بەڵام نایدۆزنەوە تەنیا لە ئیمانەکە نەبێت، ئیمانەکەش لەناو دڵیدایە، دەڵێ ئەگەر پادشاکان بیانزانیبایە چ چێژێك و شادومانییەك لە دڵی ئێمە هەیە، و الله بە شمشێر شەڕیان لەگەڵدا دەکردین، لۆ ئەوەی شادومانییەکە دەربێنن و لۆ خۆیانی ببەن، کەچی بەستەزمانەی نازانێت تەنیا لە ڕێگەی وەرگرتنی ئیمان ئەو شادومانیی (سعادة)ە دروست دەبێت.

ئەوەی کە الله ناوی ناوە بە (إطمئنان)، ئەوەی ناوی ناوە بە (إنشراح)، (أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ)(الشرح١) (وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ)(الشرح٢) (الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ)(الشرح٣)، دەبی ئەو ویزرە چ بووبی لە سەر پشتی پێغەمبەری(عليه السلام و البركات)، ئەو ناڵە دەروونییەی کە ئێستا ئێمە تێیداینەو ئەو ململانێیە کە لەگەڵ شەیتان و نەفس ئێمە تێماندا هەیە، ئەوە (أنقض ظهر رسول الله)، فشرح الله صدره، بەچ شتێك؟ بالنعمة، تەنانەت هەستی لەم ئاستە بوو خۆی پێشبینی ئەوەی دەکرد عەقڵی لەدەست دابێت، یان تووشی شێتاتییەك بووبێت، خۆی گومانی لە خۆی دەکرد، (مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)(القلم٢)، نەك ئەبو جەهل، ئەبو لەهەب بانگەشەیان کردبی لە ڕێگەی رادیۆو تەلەفزیۆن هاتبێتە گوێچکەکانی پێغەمبەری، پێغەمبەر لە خۆی کەوتبێتە گومان، نەخێر، پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) چەسپاوترین مرۆڤ بووە، دان پێنەرترین مرۆڤ بووە بە خودو کەسێتی خۆی، بەڵام خۆی لەم گۆڕانکارییانە دەترسا کە لە ناخی دروست دەبوو، لەوانەیە ئەو حاڵەتە دۆخێکی ناڕاست و سروشتی نا ئاسایی بێت بە گوێرەی بەشەریەت، نەیدەزانی ئیمان ئەو دۆخە دروست دەکا، لۆ؟ لە ئەنجامدا چی لۆ بوو؟ (وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ)(القلم ٤)، لۆیە پێویست ناکا دووبارەیی خۆشی و شادومانی ئەو ئیمانە باس بکرێت، یان ئیرتیاح و ئیطمئنانی ئەو ئیمانە لە دڵی مرۆڤ دا باس بکرێت، مرۆڤی ئیماندار دروست دەبێت، بەڵام بەم ڕێگەیە دروست دەبێت کە بە کردەیی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) کردوویەتی و بەس، نەك بە ڕێگەکانی ئیجتیهادی ئێمە، من هەستم و پەرتوکێك هەڵبگرم و بیکەمە مامۆستای خۆم و بە هۆی ئەو پەرتوکەوە بگەمە ئەو ئیمانەی کە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دروستی کردووە، یاخود کۆمەڵە پەیرەو و پرۆگرام و سەرچاوەیەك لۆ خۆی دابنێت، هەندێك چەمك لە مێشکی خۆم دابنێم و بڵێم و الله بەم ڕێگەیە پێی دەگەم.

## ئیمان هێزو چاونەترسی دروست دەکات

لە وانەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم دا باسی ئەوەمان کرد کە الله تەنیا پێغەمبەری بە پێشەنگ (أسوة) داناوە ئەگەر بڕوانین ئەم هەموو حەصر و تەئکیدە لۆ ئەوەی بوو تەنیا نموونەی تاك و تەنیا تەنها پێغەمبەرە (عليه السلام و البركات) و بەس، لەبەر چی؟ لەبەرئەوەی نەك چونکە ئیمانیان دروست بووبێت بەڵکو دەیانەوێت ئیمان دروست بکەن گوتمان (لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ)(الأحزاب٢١)، نەك للذين آمنوا(بالله)(لِّمَن كَانَ يَرْجُوا اللَّهَ)، وشەی رجاء واتە جارێ لۆ ناو ئیمان نەگواستراوەتەوە، (يرجوا الله واليوم الآخر)، ئەو دۆخەی کە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) توانی لەناو دڵەکان دروستی بکات، ئەو نەوعیەتانەیان کە خوێندووتانەوە لە نێو جەمعی الذين آمنوا معه.

بڕواتان هەبێت الله لە هەموو کاتێکدا لە هەموو جێگەیەك دەمانبینێت، ئەگەر لەناو گەرماویش بین، ئەگەرنا نواندنە دەیکەین لەگەڵ خودای ڕەحمان، ئەم جۆرە مرۆڤانە دروست بوون بەو جۆرەی، بەم ڕێگەو ئامرازانەش، لۆیە هیچ پێویست بە مجاملە ناکات لەگەڵ خۆمان، سەیرێکی خۆمان بکەین و سەیرێکی موصعەب بکەین، کە نموونەیەکە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دروستی کردووە، دڵی خۆمان کە شەیتان چەند هێنان و بردنمان پێدەکات؟ چەندجار ئافرەتی ناپۆشتە (سافرة) دەبینین، شەیتان دەڵێ: سەیر بکە بزانە فسق و فەساد گەیشتۆتە کوێ؟ گەنجین لەبەردەم سینەمادا تێدەپەڕین، دەڵێ: سەیربکە، بزانە کێ دەڵێ فیلمی ناڕێك نمایش ناکەن، ناتوانێت فێڵەو شەیتان لێی دەکات، یاخود ئافرەتێکی باڵاپۆش دەڕوات، سەیرکە بزانە بە ڕاستی ئادابەکانی ئیسلامی جێبەجێ کردووە یان نەخێر؟ نازانێت ئەمانە

هەمووی فێڵی شەیتانە، لۆ؟ چونکە ئیمانەکەمان بە خودی الله بەو جۆرەی نییە کە دەرگە و پەنجەرەی لەشەیتان دابخات، لۆیە زۆر سروشتییە باسی عوبێد بکات.

## (المؤمن) لە (المسلم) جیاوازە

(ریاض الصالحین) گوتوویەتی: لە سێ جێگە غەیبەت ڕێپێدراوە، لەوانە: (إذكر الفاجر بما فيه ليحذروه الناس). ئەو (ریاض الصالحین)ە نالّێ ئەو برایەمان فاجیرە، ڕێپێدراوە قسە لەسەری بکرێت ئەگەر تێیدا بوو، لەسەدا نەوەتیش سیفەتەکەی تێدا نییە، لۆ زانین ئەمە بوختانە کە (٧٢) پلە لە غەیبەت گەورەترە. ئەگەر ئیمان بوونی هەبێت برایەتی بوونی هەبێت نابێت (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ)(الحجرات ١٠) نالّێت (أنما المسلمون)، سەرنج بدەنە قورئان لاپەڕەیەکی هەڵنادەیتەوە تاکو مەسەلەیەکی ئیمانی نەبەستێتەوە بە کردەوەیەك، عەمەلی صالح، لۆیە لە کردارەکانمان هەڵەمان هەیە، لە نێوان خۆمان لە گەڵ خودای ڕەحمان دا کەموکوڕیمان هەیە، بەم جۆرەی نییە کە بەڕاستی خۆی لێی ڕازی بێت.

بە بۆچوونتان ئەگەر یەکێك لە ئێمە وەفاتی کرد، پاش نیو کاتژمێری دی توخودا بە چ جۆرو ڕووەك دەچێتەوە خزمەت باری تەعالا، پەرتوکی خۆی خوێندۆتەوە پێش ئەوەی بگاتە ئەو دۆخەی پێی بگوترێت: (اقْرَأْ كَتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيباً)(الإسراء ١٤)، ئینجا وەڵام دەداتەوە (يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِراً وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَداً)(الكهف ٤٩)، چەندی فلان کردیە؟ چەندی فلان کردیە؟ چەندی فلان کردیە؟ وای لۆ دەچن کە خودای ڕەحمان چاوی داخستووە و نایبینێت؟ توخودا بەصیر نییە، یاخود گوێی داخستووە گوێی لێ نەبێت، هەموو کەموکوڕی لە ئیمانە، هەمووی کەموکورتی لە ئیمانمان و ڕەوایە ئیمانمان کەموکوڕی هەبێت، چونکە بەم جۆرە پەروەردە کراوین و بنیات نراوین، پەرتووکەکان پەروەردەی کردووینە نەك تەرتیبی نزولی قورئانی.

لۆیە دیسان دووبارەی دەکەمەوە لێرە تەنیا شێوازی بوونی ئیمان و دروستکردنی ئیمان، تاکو ئێستا ڕێگەی بنیاتنانی ئیمان و ئامرازەکانی بنیاتنانی ئیمان باسکراوە، بە پشتیوانی خودای ڕەحمان لەمەش بەردەوام دەبین، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە لە پەرتووکەکانی ئیمان یا پەرتووکەکانی عەقائید ئەوەی دەیەوێ زیاتر تەواوی بکات هەنگاوی دی بنێت، بە پشتیوانی خودای ڕەحمان لاریمان نییە بیخوێننەوە، ئەم ڕەتی نەکردۆتەوە بیخوێنێتەوە، بە پێچەوانەوە خۆی سەرپشکە، بەڵام ئەو کەسانە دروست بن بە کردەیی، کە هیواخوازم من لە باری تەعالا وەکو موصعەب وەکو عەممارو وەك خوبەیب و وەکو عبدالرحمن کوڕی عەوف دروست بین، بە هەموو ئیمانمەوەو بە هەموو بڕوامەوە ئەگەر هەموو گەردوون هەڵە بکات ئەوان هەڵە ناکەن، بە کردەیی ئەو نموونانە دیسان دروست دەکات، چونکە دیسان بە هەموو ئیمانم دەڵێم ئەو قورئانە ئێکس پایەر نەبووە، هەمان کاریگەرێتی هەیە، هەمان کەسەکان دروست دەکات.

خودای ڕەحمان لەبەر پایەی ئیمانی وان لەبەر پایەی خۆشەویستی وان کە ئەوان خوایان بەم جۆرە خۆشویستووە خودای ڕەحمان ئەوانیشی خۆشویستووە لێیان ڕازی بووە، ئامراز وهۆکارەکانی ئیمان لەبۆ ئێمەش فەراهەم بکات، کارئاسانیمان لۆ بکات و ڕێنمونیمان بکات و هیدایەتمان کامڵ بکات،

هەرچی ڕێگرییەك هەیە هۆكارێكی نەرێنی هەیە لەبەردەم دروستبوونی ئەو جۆرە ئیمانە لای ببات بە لوتف و بەخشندەیی خۆی، داوای لێبوردن دەكەم لەبەرامبەر هەر كەسێك یان نووسەرێك، یان لایەنێكی دیاریكراو، خودای ڕەحمان لە گوناهمان خۆش بێت.